# پێشەکی

## پرۆفیسۆر مایکێل کیلی[1]

[1] پرۆفیسۆر مایکێل جەی کیلی مامۆستای کۆلیژی یاسا و بەرپرسی "پرۆگرامی یاسای نێونەتەوەیی و بەراوەردکاری" زانکۆی کریتۆنی ئەمریکایە و سەرۆکی بەشی ئەمریکای "کۆمەڵەی یاسای سزای نێونەتەوەیی"یە کە بنکەکەی لە پاریسە. مایکێل کیلی راوێژکاری کاروباری یاسای نێونەتەوەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان بووە و هەروەها یەکێ لە راوێژکارانی پارڵمانی کوردستان بووە بۆ دارشتنی دەستووری هەرێمی کوردستانی عێراق. مایکێل کیلی ٤ کتێبی دەربارەی ژینۆساید لە ئاستی نێونەتەوەییدا بڵاو کردوەتەوە کە یەکێکیان بریتییە لە کتێبی "رۆحەکانی هەڵەبجە: سەدام حوسەین و ژینۆسایدی کورد" کە ساڵی ٢٠٠٨ لە ئەمریکا بڵاو بوەتەوە.

خـــۆی کوشـــت. هیـــدکی تۆجـــو[3] لە کـــاتی دادگـــای ســـەربازی تۆکیـــۆ هەوڵیـــدا بە شـــێوەی هـــاراکری خـــۆی بوکژێـــت. ئیســـلۆبۆدان میلۆســـوڤیچ لە کـــــاتی دادگـــــاییکردن لەلایەن دادگـــــای نێـــــونەتەوەیی لاهە بە هـــــۆی نەخـــواردنی دەوا و دەرمـــانەوە رێگـــای بـــۆ مەرگـــی خـــۆی هەمـــوار کـــرد.[4]

---

[3] هیـدکی توجـۆ سـاڵی ١٩٤٠ وەزیـری جەنـگ و سـاڵی ١٩٤١ تـا ١٩٤٤ سـەرۆک وەزیرانـی ژاپـۆن بـوو. دوای تەسـلیمبوونی ژاپـۆن لە ١١ی ئەیلـوولی ١٩٤٥ هەوڵیـدا بە"هـاراکری" خـۆی بوکژێـت بەڵام لە نەخۆشـخانە چـاک بـووەوە و لە دادگـای سـەربازیدا حـوکمی لەسـێدارەدانی بـۆ دەرچـوو و لەسـێدارەدرا. "هـاراکری" شـێوە خۆکوشـتنێکی کـۆنی کولتـوری ژاپـۆنە کە لە رێگـای درانـدنی زگ بە شمشـێر ئەنجـام دەدرێـت و بە جۆرێـک خۆکوشـتنی سـەربەرزانە دادەنرێـت لە کولتوری خەڵکی ژاپۆندا. وەرگێڕ

[4] ئیسـلۆبۆدان میلۆسـۆڤیچ سـاڵی ١٩٨٩ تـا ١٩٩٧ سـەرۆک کۆمـاری یۆگسـلاڤیا و لە ١٩٩٧ تـا ٢٠٠٠ سـەرۆک کۆمـاری سربسـتان و سـەرۆکی حیزبـی سوسیالیسـتی ئەو وڵاتە بـوو. میلۆسـۆڤیچ یەکـێ لە بەرپرسـیارە سـەرەکیەکانی کۆمەڵکـوژی مسـڵمانەکان لە کـاتی شـەڕی کۆزۆڤـۆ و بۆسـنیا بە دەسـتی سـربەکان بـوو. میلۆسـۆڤیچ لە ئـاداری ٢٠٠١ لەلایەن کاربەدەسـتانی دەوڵەتـی یۆگسـلاڤیاوە دەستبەسـەر و تەسـلیم بە دادگـای نێـونەتەوەیی دادپەروەری لاهە لە هۆلەنـدا کـرا . میلۆسـۆڤیچ بە تـاوانی جەنـگ دادگـایی کـرا و دادگـاییکردنەکەی ٥ سـاڵی خایانـد بەڵام پـێش لە دەرچـوونی بڕیـاری کۆتـایی دادگـای نێـونەتەوەیی دادپەروەری، لە ١١ی ئـاداری ٢٠٠٦ لە بەنـدیخانەی لاهە لە هۆلەنـدا مـرد. هۆکـاری مـردنەکەی ئەوە بـوو کە بە ئەنقەسـت دەوا و دەرمـانی نەدەخـوارد بـۆ ئەوەی بـارودۆخی تەندرسـتی خراپتـر بێـت بـۆ ئەوەی بیگـوازنەوە بـۆ روسـیە بـۆ چارەسـەری پزشـکی چـونکە دەیزانـی لە روسـیا دەمێنبێـتەوە و دادگایی ناکرێت. وەرگێڕ

ژێـــر پرســـیار. بە گـــوێرەی راپـــۆرتی راگەیانـــدنە گشـــتیەکان، کوردەکـــان داوایـــان لە دەوڵەتـــی ئێـــران کـــردووە پشـــتیوانی لە دەوڵەتێکـــی ســـەربەخۆی کـــورد بکـــات و لەبەرامـــبەر ئەوەدا کوردەکـــانیش درێـــژە بە هاوکـــارییە ســـەربازییەکەیان لەگەڵ ئێـــران دەدەن. هاوکـــات کوردەکـــان درێـــژە بە هەوڵەکانیـــان دەدەن بـــۆ ئەوەی وڵاتـــانی رۆژئـــاوایی گوشـــار بـــخەنە ســـەر عێـــراق بـــۆ ئەوەی کۆتـــایی بە کەڵکـــوەرگرتن لە چەکـــی کیمیایی بهێنێت.[87]

**تێبینـــی**: کەڵکـــوەرگرتنی بێبەزەییـــانەی عێـــراق لە چەکـــی کیمیـــایی دژی خەڵکـــی مەدەنـــی و پێشـــمەرگەکان لە بەهـــاری پارســـاڵەوە و ئەو زەبـــرەی کە لە ئەلفـــاو[88] لە هێزەکـــانی ئێـــران کەوت، کوردەکـــانی ناچـــار کـــردووە

---

[87] باڵوێزخـــانەی ویـــلایەتە یەکگرتوەکـــانی ئەمریکـــا لە بەغـــداد لە پەیامێکـــدا بـــۆ وەزارەتـــی دەرەوە لە ئـــابی ١٩٨٨ ئامـــاژەی بەوە کـــردوە کە شـــەڕی نێـــوان هێـــزی پێشـــمەرگە و هێزەکـــانی عێـــراق لە سێگۆشـــەی ســـنووری ئێـــران، عێـــراق و تـــورکیە بە تونـــدی بەردەوامە و ئەو داواکـــاریە کە مەســـعود بـــارزانی، رێـــبەری پـــارتی دیمـــوکراتی کوردســـتان لە راگەیانـــدنەکانی جیهانـــدا خســـتویەتیەڕوو نیشـــان دەدات کە کوردەکـــان بە تونـــدی لەلایەن دەوڵەتـــی عێـــراقەوە ســـەرکوت دەکـــرێن. ( مەبەســـتی لە شـــەڕی سێگۆشـــە ســـنوورییەکە شـــەڕەکەی خواکـــورکە کە لە نێـــوان هێزەکـــانی پـــارتی دیمـــوکراتی کوردســـتان و رژیمـــی عێراقـــدا هـــاتە ئـــاراوە و لە ئەنجامـــدا ژمـــارەیەکی زۆر لە هێزەکـــانی رژیمـــی عێـــراق کـــوژران. خـــودی مەســـعود بـــارزانی لەو شـــەڕەدا بەشدار بوو)-. وەرگێڕ

[88] مەبەســـتی ئۆپەراســـیۆنی "وەلفجـــری ٨"ی ســـپای پاســـدارانی ئێـــرانە کە تێیـــدا هێزەکـــانی ئێـــران دوای نـــزیکەی ٧٥ رۆژ شـــەڕی بەرفـــراوان لەگەڵ هێزەکـــانی عێـــراق، نـــیمچە دورگەی "فـــاو"یـــان لە بەهـــاری ١٩٨٥ داگیـــر کـــرد و لە ئەنجامـــدا پەیوەنـــدی بەنـــدەری ئەمولقەســـری عێـــراق لەگەڵ کەنـــداو بە مـــاوەی دوو ســـاڵ پچـــڕا. کۆمـــاری ئیســـلامی رایگەیانـــد کە لەو ئۆپەراســـیۆنەدا ٥٠ هەزار ســـەربازی عێراقـــی کـــوژراون و ٣ هەزار ســـەربازی عێراقـــی گیـــراون. ســـەرەنجام

٣- بـــاڵوێزی ئەمریکـــا تـــوانی ســـەرلەبەیانی ٤ی ئەیلـــوول چـــاوی بە حەمـــدون، جێگـــری وەزیـــری دەرەوەی عێـــراق بکەوێـــت پـــاش گەڕانەوەی لە ســـــەفەرەکەی یوگســـــلاوی کە لەگەڵ تەهـــــا ڕەمەزان[97] کردبـــــووی. بـــاڵوێز ئامـــاژەی بەوە کـــرد کە ئەمریکـــا بـــایەخی زۆر بە پەیوەنـــدییەکانی لەگەڵ عێـــراق دەدات و ئـــاواتی ئەوەیە کە پەیوەنـــدی نزیکتـــری لەگەڵ عێـــراق هەبێـــت. بـــاڵوێز هەروەهـــا جەختـــی لەســـەر ئەوە کـــردەوە کە پەیوەنـــدی باشـــتری ئەمریکـــا لەگەڵ وڵاتـــانی دیـــکەی نـــاوچە، وەک ئێـــران، لە ســـەر حیســـابی پەیوەنـــدیەکانمان لەگەڵ عێـــراق نابێـــت. بەهەرحـــاڵ هەروەهـــا کە بـــاڵوێزی ئەمریکـــا لە بەغـــداد چەنـــد ڕۆژ پـــێش لای زەهـــاوی[98] جەختـــی لە ســـەر کردبـــوەوە، شـــاڵاوەکانی عێـــراق دژ بە

---

[97] تەهـا یاسـین ڕەمەزان سـاڵی ١٩٩١ تـا کـاتی ڕوخـانی ڕژیمـی بەعـس لە ٢٠٠٣ جێگـری سـەدام حوسـین بـوو، لە ١٩٧٩ تـا ١٩٩١ جێگـری سـکرتیری گشـتی حیزبـی بەعـس بـوو . پـاش ڕووخـانی ڕژیمـی بەعـس لە ١٩ی ئـابی ٢٠٠٣ لە شـاری موسـڵ لەلایەن پێشـمەرگەکانی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتانەوە دەستبەسـەر کـرا و ڕادەسـتی هێزەکـانی ئەمریکـا کـرا . تەهـا یاسـین ڕەمەزان لە ٢٠٠٦ لە لایەن دادگـای بـاڵای تاوانەکـانی عێـراقەوە بە زینـدانی هەتاهەتـایی حـوکم درا و پـاش پێـداچوونەوە حـوکمەکەی کـرا بە لەسـێدارەدان و حـوکمی لەسـێدارەدانی ڕۆژی ٢٠ی ئـاداری ٢٠٠٧ جێبەجـێ کـرا. تەهـا یاسـین ڕەمەزان کـوردی موسـڵ بـوو و پـایەبەرزترین کاربەدەستی بەرەگەز کوردی ڕژیمی بەعس بوو بەڵام دژمنی سەرسەختی کورد بوو. وەرگێر

[98] مەبەستی وەسام زەهاوییە کە ئەوکاتە جێگری وەزیری دەرەوەی عێراق بوو و پاشان بوو بە باڵوێزی عێراق لە ڤاتیکان. زەهاوی ئەو کەسە بوو کە سەدام لە ١٩٩٩ ناردی بۆ وڵاتی نیجیر بۆ کڕینی ئورانیۆم کە پاشان جۆرج بوش ئەوەی وەک بەڵگەیەک بەکارهێنا بۆ سەلماندنی ئەو بانگەشەیە کە سەدام بۆ بەرهەمهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ هەوڵ دەدات. زەهاوی ساڵی ٢٠٠١ خانەنشین کرا و پاشان لە ئوردۆن نیشتەجێ بوو و بوو بە سکرتێری ڕێکخراوی "منتدا الفکر العربی". زەهاوی کوردی ناوچەی خانەقین بوو. وەرگێڕ

کیمیابـــاران بکـــرێن بـــۆ ئەوەی ئاگربەســـت رابگەیەنـــن و لەگەڵ عێـــراق وتـــووێژ بـــکەن. ئەم کاســـیتانە بە شـــێوەیەکی بەڵگەمەنـــد زۆر بە روونـــی ئەو ســـەرکوتکاریانە نیشـــان دەدات کە کەســـایەتی ســـەرەکی عێـــراق واتـــا وەزیـــری بەرگـــری ئێســـتای عێـــراق تـــا ئەمـــڕۆ ئەنجـــامی داوە و لەوانەیە لە بواری هەوڵە گشتی و دیپلۆماتیکەکانماندا سودمەند بێت.

٤- ئەو کاربەدەســـتە کە ئەم کاســـیتانەی خســـتوەتە دەســـتی ئـــێمە، ســـێ دانە کاســـیتی یەک کـــاتژمێری لە کـــاتی ســـەردانەکەی بـــۆ بـــاکووری عێـــراق لە ١٦-١٨ی ئـــادار لەگەڵ هێزەکـــانی "شـــاڵاوی دابینکردنـــی ئاســـایش" وەدەست خستووە.[139]

---

[139] دوابەدوای راپەڕینـی خەڵکـی کوردسـتان لە ئـاداری ١٩٩١ بڕێکـی زۆر بەڵگەنـامەی نهێنـی ئیسـتیخبارات و دامودەزگـا ئەمنیەکـانی دیـکەی بەعـس لە لایەن خەڵـک و هێـزی پێشـمەرگەوە دەسـتی بەسـەردا گیـرا و نـزیکەی ١٤ تەن لەو بەڵگەنامـانە (کە نـزیکەی ٤ ملیـۆن لاپەڕە بـوو) بە دەستپێشـــخەری کـــومیتەی پەیوەنـــدییەکانی دەرەوەی ئەنجـــومەنی پیرانـــی ئەمریکـــا و رێکخـراوی چـاودێری مـافی مـرۆڤ گـوازرایەوە بـۆ ئەمریکـا و تەسـلیم بە ئارشـیڤخانەی نیشـتمانی ئەمریکـــا کـــرا. رێکخـــراوی چـــاودێری مـــافی مـــرۆڤ لە ئەمریکـــا نـــاوەرۆکی کۆمەڵێـــک لە بەڵگەنامەکـانی لە کتێبێکـدا بە نـاوی ژینۆسـایدی کـورد لە عێـراق لە ١٩٩٣ بـڵاو کـردەوە. هەروەهـا لە سـەروبەندی راپەڕینـی ئـاداری ١٩٩١ کۆمەڵێـک لە کاسـیتەکانی عەلـی حەسـەن ئەلمەجیـد لە نووسـینگەی کاروبـاری بـاکوور یـان مـاڵی خـودی عەلـی حەسـەن ئەلمەجیـد لە کەرکـــووک لەلایەن پێشـــمەرگەکانەوە دەســـتی بەســـەردا گیـــرا و پاشـــان تەســـلیم بە کاربەدەسـتانی ئەمریکـا کـرا. ئەم کاسـێتەش کە لەم بەڵگەنـامەیەدا بـاس کـراوە یەکـێ لەو کاسـێتانەیە. بـۆ نـاوەرۆکی کۆمەڵێـک لە لێـدوانەکانی دیـکەی عەلـی کیمیـایی بـۆ کاربەدەسـتانی حیزبـی بەعـس دەربـارەی ئەنفـال کە بە کاسـێت تۆمـار کـراوە بنـواڕن بـۆ پێشـەکی ئەم کتێـبە. وەرگێڕ

کـــورد، گەلێـــک لەو کـــوردانەی کە لە نـــاوچەی ســـەوز[314] دەژیـــان کـــوژران و لە نـــاوچەی کەرکـــووک خـــرانە نـــاو گـــۆڕە بەکۆمەڵەکـــان. لە ١٩٩١ کـــاتی ڕاپەڕیـــن لە نەجەف جـــارێکی دیـــکە دڕنـــدەیی ڕژیمـــی بەعســـمان بینـــی. پـــاش ســـەرکوتکردنی ڕاپەڕیـــن، نەیـــارانی ڕژیـــم بەکـــۆمەڵ دەستبەســـەر کـــران، خـــرانە بەنـــدیخانە و ئەشـــکەنجەکران. عەرەبە زۆنگاونشـــینەکان کە هەزاران ســـاڵ بـــوو لە زێـــدی خۆیـــان دەژیـــان لەلایەن ڕژیـــمەوە ناچـــار کـــران زێـــدی خۆیـــان بەجێبـــێڵن چـــونکە ژینگەکەیـــان لەلایەن ڕژیـــمەوە وشـــک کـــرا. هەمـــوو عێراقیەکـــانی نەیـــاری ســـەدام، بە شـــیعە، ســـوننە، کریســـتیان، کـــــورد، تورکمـــــان و ... ســـــەرکوتکراون، ئەشـــــکەنجە کـــــراون و لەسێدارەدراون.

[314] مەبەســـتی هەرێمـــی دژەفـــڕینە کە پـــاش کـــۆڕەوی خەڵکـــی کوردســـتان لە بەهـــاری ١٩٩١ لەلایەن هێـــزە هاوپەیمانەکـــان بە فەرمانـــدەیی ئەمریکـــا پێکهـــات بـــۆ پاراســـتنی بەشـــێک لە خـــاکی کوردستانی عێراق. وەرگێڕ

## سەدام حوسەین بە ژینۆساید تۆمەتبارە

## ئەنجومەنی نوێنەرلن

## ٤ی نیسانی ٢٠٠٦

کۆنگرێسمەن رۆز لێهتینێن[318]: جەنابی سەرۆکی ئەنجومەن، دادگای عێراق لەم رۆژانەی دواییدا کۆمەڵێک تۆمەتی دیکەی دژی دیکتاتۆری پێشووی عێراق راگەیاند. ئەم تۆمەتانە بریتین لە ژینۆساید، تاوان دژی مرۆڤایەتی و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژی هەزاران هاووڵاتی سڤیلی بێ گوناح.

ئەو کەیسە نوێیە کە دژی سەدام کراوەتەوە، کەیسی ئەنفالە کە تێیدا ٥ هەزار ژن و پیاو و منداڵ لە ئەنجامی هێرشی کیمیایی بۆ سەر گوندەکەیان کوژران. یەکێ لەو بەڵگانە کە لەم دادگایەدا دەخرێتەڕوو فەرمانێکی دەوڵەتی عێراقە کە سەدام حوسەین لە ١٩٨٧ واژۆی کردووە و تێیدا فەرمانیداوە بە چەکی تایبەت هێرش بکرێتە سەر ناوچە کوردنشینەکان بۆ ئەوەی خەڵک زیاتر بکوژرێت. ئەم کەیسە نوێیە بە روونی نیشان دەدات کە جیهان بێ سەدام حوسەین جێگایەکی ئەمنترە و ئەو پێشکەوتنانە نیشان دەدات کە لە عێراق

---

[318] خاتوون ئیلینا رۆز لێتینێن لە ساڵی ١٩٨٩ تا ئێستا نوێبەری هەرێمی ١٨ی فلۆریدایە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا لە سەر لیستی کۆماری و لە ساڵی ٢٠٠٣ سەرۆکی کومیتەی کاروباری دەرەوەی ئەنجومەنی نوێنەران بوو. وەرگێڕ

بەدی دێـــت چـــونکە گەلـــی عێـــراق ســـەرەنجام  توانیـــان لە رێگـــای سیستمی دادوەری خۆیانەوە، بۆ بەدیهاتنی دادپەروەری هەوڵ بدەن.

## کیمیابارانی هەڵەبجە میراتێکی کوشندە و بەردەوامی لە دوای خۆیدا بەجێهێشت

## ئەنجومەنی نوێنەران

## ١٣ی ئاداری ٢٠٠٨

کۆنگرێسمەن فرانک  وۆلف[319] :

خـــاتونی ســـەرۆکی ئەنجـــومەن، دەمەوێـــت ســـەرنجی ئەنجـــومەنی نـــوێنەران بەرەولای بیســـتەمین ســـاڵیادی هێرشـــی ســـەدام حوســـەین  بـــۆ ســـەر شـــاری هەڵەبـــجە بە چەکـــی کیمیـــایی و بیۆلـــۆژیکی رابکێشـــم. لە ١٦ی ئـــاداری ١٩٨٨ ئەم چەکـــانە ٥ هەزار  ژن ، پیـــاو و منـــداڵی کـــوردی کوشـــت. ئەو هێرشـــە بەشـــیک بـــوو لە شـــاڵاوی ئەنفـــالی ســـەدام حوســـەین  کە ئامانجی کوشتن و راگوازتنەوەی خەڵکی کورد لە باکووری عێراق بوو.

بە گـــوێرەی تـــوێژینەوەیەکی چڕوپـــڕ کە لە لایەن رێکخـــراوی  چـــاودێری مـــافی مـــرۆڤەوە ئەنجامـــدراوە ، شـــاڵاوی ئەلئەنفـــال نـــزیکەی ٤٠ هێرشـــی کیمیـــایی لەخـــۆ گرتـــووە و لە ئەنجامـــدا لانـــیکەم ٥٠ هەزار کەس و

**319** Frank R. Wolf

لەوانەیە نـــزیکەی ١٠٠ هەزار کـــوردی عێـــراق کـــوژرابن. دژوارتـــرین هێـــرش لەم زنجیـــرە هێرشـــانەدا، ئەوەی هەڵەبـــجە بـــوو. هێرشـــەکەی ١٩٨٨ میراتێکـــی کوشـــندە و بەردەوامـــی لە ســـەر گونـــدی هەڵەبـــجە بەدوای خۆیـــدا بەجێهێشـــت چـــونکە دانیشـــتوانی هەڵەبـــجە لەگەڵ ئەو نەخۆشـــی و هەڕەشـــە تەندروســـتیانە روبەڕوو بـــوونەوە کە لە ئەنجـــامی ژەهراوییـــوونی خـــواردن و ئـــاوی هەڵەبـــجەدا درســـت بـــوو. داوا دەکەم هاوکـــارانم ئەم رۆژە وەبیـــربێننەوە کە نمـــونەی میراتـــی دڕنـــدەیی و پێشـــێلکرانی مـــافی مرۆڤ لە لایەن رژیمی لەناوچووی سەدام حوسەینە.

## کیمیابارانی هەڵەبجە تاوانێکی دزێو دژی گەلی کورد بوو

## ئەنجومەنی نوێنەران

## ١٤ی ئاداری ٢٠٠٨

کۆنگرێســـمەن کـــریس ڤـــان هـــۆلێن[320]: خـــاتونی ســـەرۆکی ئەنجـــومەن، دەمەوێـــت بە رێـــزەوە بیســـتەمین ســـاڵیادی تـــاوانێکی دزێـــو دژی گەلـــی کـــورد وەبیـــربهێنمەوە کە کیمیابـــارانی دانیشـــتوانی هەڵەبـــجە بـــوو لە ١٦ی ئـــاداری ١٩٨٨. کیمیابـــارانکردنی ژن و پیـــاو و منـــداڵ تـــاوان دژ بە

[320] کریستۆفیر ڤان هۆلێن لە ساڵی ٢٠٠٣ تا ئێستا هەرێمی ٨ی مریلەندە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا لە سەر لیستی پارتی دیموکرات. هۆلێن ئەندامی پایەبەرزی کۆمیتەی بودجەی ئەنجومەنی نوێنەرانە و ساڵی ٢٠٠٧ تا ٢٠١١ سەرۆکی کۆمیتەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی پارتی دیموکرات بووە. وەرگێڕ

مرۆڤـــایەتی بـــوو. لەو رۆژەدا فڕۆکەکـــانی عێـــراق بە چەکـــی کیمیـــایی، لەوانە گـــازی موســـتارد و گـــازی دەمـــار هێرشـــیان کـــردە ســـەر هەڵەبـــجە. فڕۆکەکـــانی عێـــراق هێرشـــەکانیان لە ســـەر شـــارۆچکەی هەڵەبـــجە و ئەو رێگـــانەی کە دەچـــوون بـــۆ دەرەوەی شـــار چڕتـــر کردبـــووەوە. زیـــاتر لە ٥ هەزار کەس کـــوژران و ١٠ هەزار کەســـی دیـــکەش برینـــدار بـــون. ئێســـتا ٢٠ ســـاڵ دوای ئەو هێرشـــە ، دانیشـــتوانی هەڵەبـــجە هێشـــتا بە دەســـت ئاسەوارەکانی ئەو کۆمەڵکوژیە دژێوەوە دەناڵێنن.

مـــن ئەو کـــاتە وەک ئەنـــدامی کـــۆمیتەی پەیوەنـــدییەکانی دەرەوەی ئەنجـــومەنی پیـــران، دەرفەتـــی ئەوەم بـــۆ ڕەخســـا لە ئەیلـــوولی ١٩٨٨ ســـەردانی نـــاوچە بـــکەم و لە نـــزیکەوە کاریگەریەکـــانی ئەو شـــاڵاوە ترســـناکە دژی کوردەکـــان ببیـــنم. مـــن و هاوکـــارم "پیتێـــر گـــالبریس" لەگەڵ ئەو کـــوردانەی کە لەو هێرشـــە رزگاریـــان بـــوو گفتوگۆمـــان کـــرد. ئـــێمە دڵـــگەران بـــووین بەڵام توانیمـــان ئەرکە گرنگەکەمـــان واتـــا کـــۆکردنەوەی بەڵـــگە دەربـــارەی کیمیابـــارانی ٤٩ی گونـــدی کوردنشـــین جێبەجـــێ بکەیـــن. ئەم هێرشـــانە بەشـــێک بـــوو لە شـــاڵاوێکی دڕنـــدانە کە یەک ســـاڵی خایانـــد و بـــووە هـــۆی کـــوژران و بێسەروشـــوێنبوونی نـــزیکەی ١٨٠ هەزار کوردی عێراق.

بە هـــۆی ئەم هێرشـــە دڕنـــدانانە دژی کوردەکـــان، ئەو کـــاتە ئەنجـــومەنی پیرانـــی ئەمریکـــا کۆمەڵێـــک ئـــابلۆقەی ئـــابووری قورســـی دژی رژیمـــی ســـەدام حوســـەین پەســـەند کـــرد بەڵام ئیـــدارەی رەیگـــان شکســـتی بەم هەوڵە هێنـــا و نەیهێشـــت رژیمـــی عێـــراق بە شـــێوەیەکی ئەوتـــۆ ســـزا بـــدرێت. ئەو شکســـتە پەیـــامێکی ترســـناک بـــوو بـــۆ ســـەدام حوســـەین و

لەوانەیە بەو ئەنجـــامەی گەیانـــدبێت کە بـــێ هـــیچ ترســـێک پاشـــان هێـــرش بکـــاتە ســـەر کوەیـــت. پـــاش کۆتاییپێهـــاتنی شـــەڕی کەنـــداوی فـــارس لە ١٩٩١، ویـــلایەتە یەکگرتوەکـــانی ئەمریکـــا هەرێمـــی دژەفڕینـــی لە نـــاوچەی کوردنشـــینی عێـــراق دامەزرانـــد کە یـــارمەتی بە دانیشـــتوانی ئەو نـــاوچەیە دا درێژە بە ژیانی سەخڵەتی خۆیان بدەن.

ئەمـــڕۆ هەرێمـــی کوردســـتانی عێـــراق یەکـــێ لە نـــاوچە هەرە ســـەقامگیر و ئارامەکـــانی عێـــراقە و خەڵـــکە ئـــازاکەی هەوڵ دەدەن ولاتەکەیـــان لە رووی سیاســـی و ئـــابووریەوە پێشـــبخەن. ئـــێمە هاوکـــات لەگەڵ ئەوەی کە هەوڵ دەدەیـــن یـــارمەتی ئەم خەڵـــکە بـــدەین، دەبـــێ ئەوەش لە بیـــر نەکەیـــن کە چـــی بەســـەر ئەم خەڵـــکەدا هـــاتووە و ئەو ئـــازیزانەی کە لە دەســـیانداوە. ئـــێمە نـــابێ تـــاوان دژی دانیشـــتوانی هەڵەبـــجە و شـــارۆچکە و گوندەکانی دیکەی کوردستان لەبیر بکەین.

## کیمیابارانی کوردەکان دەبێ وەک تاوانی ژینوساید بەفەرمی بناسرێت

## ئەنجومەنی نوێنەران

## ١٧ی ئاداری ٢٠٠٨

کۆنگرێسمەن هۆوارد بێرمان[321] :

٢٠ ساڵ لەمەوپێش لەم هەفتەیەدا سەدام حوسەین درندانەترین قۆناخی کۆمەڵکوژی ئەنفالی دژی کوردەکانی عێراق ئەنجامدا کە کارەساتی هەڵەبجە بوو. لە ئەنجامی ئەو هێرشەدا کە بە گازی موستارد و جۆرەکانی دیکەی گازی دەمار ئەنجامدرا هەزاران کورد لە جێگای خۆیاندا مردن و ژمارەیەکی لەوەزیاتر کەمکەم لەناوچوون.

تەنانەت ئەمڕۆش گەلێ لە قوربانیانی هەڵەبجە بەدەست ئاسەوارەکانی چەکی کیمیاییەوە ئێش و ئازار دەکێشن. بەرزبوونی رێژەی توشبوون بە شێرپەنجە و ناتەواو لەدایکبوونی منداڵ لە ماوەی ٢٠ ساڵی رابردوودا نیشان دەدات کە ئەو کارەساتە بەهایەکی قورسی بەسەر خەڵکی هەڵەبجەدا سەپاندووە. کیمیابارانی هەڵەبجە کوشندەترین هێرشی شاڵاوی ئەنفال بوو کە دوو ساڵی خایاند و لە ئەنجامدا زیاتر لە ١٠٠ هەزار خەڵکی مەدەنی کوژران و زیاتر لە ٤ هەزار گوند خاپور کران و خاکی کوردستان سوتێندرا. شاڵاوی ئەنفال لە کۆتاییدا

[321] هۆوارد لاورێنس بێرمەن لە ساڵی ١٩٨٣ تا ئێستا نوێنەری هەرێمی ٢٨ی کالیفۆرنیایە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا لە سەر لیستی پارتی دیموکرات و لە ساڵی ٢٠٠٨ تا ٢٠١١ سەرۆکی کومیتەی کاروباری دەرەوەی ئەنجومەنی نوێنەران بووە. وەرگێڕ

هێرشـــی درنـــدانەی هەڵەبـــجە بەشـــێک لە شـــاڵاوێکی گەورەتـــر واتـــا ئەنفـــال بـــــوو کە بە واتـــــای" دەســــــتکەوتەکانی جەنـــــگە" بــــۆ قەلاچــــۆکردنی کوردەکـــانی عێـــراق. بە گـــوێرەی هەڵســـەنگاندنەکان لە نێـــوان ٥٠ هەزار تـــا ٢٠٠ هەزار کـــورد لە شـــاڵاوی ئەنفالـــدا کـــوژراون. گەلـــێ لە قوربانیەکـــان بە شـــێوەی بەکـــۆمەڵ گولەبـــاران کـــران و هەزاران هەزار کەســـی دیـــکە بە ئاسانی لەلایەن رژیمەوە بێسەروشوێن کران.

هەڵەبـــجە ســـەمبۆلی نەهامەتییەکـــانی گەلـــی کـــوردە. ئیشـــی و ئـــازاری ئەوانەی کە لە هێرشــــــی هەڵەبـــــجە رزگاریـــــــان بـــــوو بەهــــــۆی چارەســـــەرنەکردنی نەخۆشـــــییەکەیان تـــــا ئەمــــڕۆ بەردەوامە. هەڵەبـــجە لە ئاســـــەوارەکانی چەکـــــی کیمیـــــایی پـــــاک نەکـــــراوەتەوە و کـــــاریگەری ئاســـەوارەکانی چەکـــی کیمیـــایی لەوانە گـــازی موســـتارد، ســـارین، تـــابون و VX بەردەوامە و خەڵـــــک دەکوژێـــــت و ژیـــــنگەی هەڵەبـــجە و گونـــــدەکانی دەوروبەری لەنـــــاو دەبـــــات. منـــــداڵەکان بە شـــــێوایی لەدایـــــک دەبـــــن و تووشـــــــی شـــــێرپەنجە دەبـــــن و رێـــــژەی توشـــــبوون بە نەخۆشـــــــیە زگماکییەکـــان لە نـــاو خەڵکـــی هەڵەبـــجە زۆر لە خەڵکـــی ناوچەکـــانی دیـــکە زیاترە.

جیهـــان نەیتـــوانی لە کـــاتی خۆیـــدا ئەو کارەســـاتە بە فەرمـــی بناســـێت کە لە هەڵەبـــجە روویـــدا. ئێســـتا کە تراژیـــدیای هەڵەبـــجە وەبیـــردەهێنینەوە، گـــرنگە کە بیـــر لە داهـــاتوو بکەیـــنەوە و دەبـــێ یـــادی قوربانیـــانی هەڵەبــــجە بەرز رابگــــرین و لەگەڵ ئەوانەی کە لەو کارەســــاتە رزگاریــــان بوو هاوخەم بین.

## کیمیابارانی هەڵەبجە: یەکەم نمونەی کۆمەڵکوژی مرۆڤ بەدەست دەوڵەتی خۆی

## ئەنجوومەنی پیران

## ١٦ی ئاداری ٢٠٠٩

سـناتۆر جـۆ لیببێـرمەن[323] : خـاتونی سـەرۆکی ئەنجـومەن ، رێـک ٢١ سـاڵ لەمەوپـێش لە رۆژێکـی وەک ئەمـڕۆدا بـوو کە سـەدام حوسـەین یەکێ لە تاوانە دڕندەکانی مێژووی هاوچەرخی ئەنجامدا.

سـەرلەبەیانی ١٦ی ئـاداری ١٩٨٨ هێـزی هەوایـی عێـراق، هەڵەبـجەی کیمیابـاران کـرد کە شـارێکی کوردنشـینە لە بـاکووری رۆژهەڵاتـی عێـراق. لە مـاوەی سـێ رۆژدا دەیـان هەزار قوربـانی توشـی گـازی موسـتارد بـوون کە DNAی مـرۆڤ دەگۆڕێـت و دەیسـوتێنێت و مـرۆڤ دەپوکێنێـت و تووشـی شـێرپەنجەی دەکـات. قوربانیەکـان هەروەهـا تووشـی گـازی سـارین بـوون کە دەتوانێـت مـرۆڤ بکوژێـت و فەلەجـی بکـات و تووشـی نەخۆشـی دەمـاری درێژخـایەنی بکـات. قوربانیەکـان توشـی گـازی کیمیـایی کوشـندەی دیـکەش بـوون. لە مـاوەی سـێ رۆژ بومباراندا لانیکەم ٥ هەزار سڤیل لە هەڵەبجە کوژران .

هێـرش بـۆ هەڵەبـجە تەنهـا نمـونەی هێرشـە کۆمەڵکوژەکـانی رژێمـی پێشـووی عێـراق بە چەکگەلـی کیمیـایی نەبـوو، بەپـێچەوانەوە هێرشـەکەی هەڵەبـجە تەنهـا یەکـێ لە رووداوەکـانی شـاڵاوێکی بەرفـراوان

---

[323] جۆزیـف ئیسـادۆر لیبێـرمەن لە سـاڵی ١٩٨٩ تـا ئێسـتا نـوێنەری هەرێمـی کۆنیکتـۆتە لە ئەنجـومەنی پیرانـی ئەمریکـا. لیبێـرمەن لە سـاڵی ٢٠٠٦ ئەنـدامی پـارتی دیمـوکرات بـوو بەڵام لە ٢٠٠٦ بەولاوە وەک ئەنـدامێکی سـەربەخۆ کـار دەکـات. لیبێـرمەن لە ٢٠٠٧ تـا ئێسـتا سەرۆکی کۆمیتەی ئاسایشی ناوخۆ و کاروباری دەوڵەت لە ئەنجومەنی پیرانە. وەرگێڕ

دژبە کوردەکـــــان بـــــوو کە بە ئەنفــــال ناســــراوە و ســــەدام حوســــەین و نەوکەرەکەی، عەلـــــی حەســــەن ئەلمەجیــــد ناســــراو بە عەلـــــی کیمیــــایی بەڕێوەیـــــان دەبــــرد. لە مــــاوەی ١٨ مانگــــــدا لەنێـــــوان ١٩٨٧ و ١٩٨٨ هێزەکــــانی ســــەدام حوســــەین چەنــــد هەزار گونــــدی کوردنشــــینی عێراقیــــان کــــاول کــــرد و نــــزیکەی ١٠٠ هەزار کــــوردی عێراقیــــان کوشــــت کە زۆربەیــــان خەڵکی مەدەنی بوون.

لانـــیکەم ٤٠ هێرشــــی کیمیــــایی لە مێــــژوودا تۆمــــار کــــراوە بەڵام لە مێــــژووی مرۆڤایەتیــــدا ئەمە یەکەمجــــارە کە دەوڵەتێــــک چەکــــی کۆمەڵکــــوژی دژی هاووڵاتیــــانی خــــۆی بەکارهێنابێــــت. ســــمانتا پــــاور[324] لە کتێبەکەیــــدا بە نــــــاوی" کێشــــــەیەک لە دۆزەخەوە"[325] کە خەڵاتــــــی پــــــولیتزری[326] بــــــردوەتەوە کیمیابــــــارانی هەڵەبــــجەی شــــیکردوەتەوە. ڕووداوەکــــــانی هەڵەبــــجە کە لەو کتێــــبەدا بــــاس کــــراوە جێگــــای بــــێ هیــــواییە. چەکــــی کیمیــــایی لە فڕۆکەگەلێــــک فڕێــــدراوەتە خــــوارەوە کە لە بەرزایەکــــی کەمــــدا بە سەر شاری هەڵەبجەدا فڕیون.

بە وتەی سمانســـا پــــاور گەڵــــێ لە بنەماڵەکــــان لەو پەناگــــا ســــەرەتاییانەدا مــــردوون کە لە حەوشــــەی ماڵەکانیانــــدا دروســــتیان کردبــــوو. کاتێــــک کە گــــازی کیمیــــایی لە درزی پەناگاکانیــــانەوە چــــووە ژورەوە، بە تــــرس و تۆقــــان بەرەو شــــەقامەکان هەڵاتــــن و بینیــــان کە لاشــــەی ئەنــــدامانی

---

324 Samantha Power
325 A Problem From Hell
326 Pulitzer

بنەماڵەکانیـــان و دۆســـتەکانیان وەک نمـــوونەی نـــوێی پـــۆمپیئی[327] وشـــک بووە.

چەنـــد کەس لە پشـــتی بێشـــکەی منـــداڵێکەوە کەوتبـــوون، چەنـــد کەس دەســـتی منـــداڵەکانیان گرتبـــوو یـــان تونـــد منـــداڵێکیان لە بـــاوەش گرتبـــوو بـــۆ ئەوەی لە مـــردن بیانپـــارێزن، چەنـــد کەس لە نـــاو ئوتومـــوبیلێکەوە بە ئـــارامی مردبـــوون. هەمـــوو ئەوانەی کە بەر چەکـــی کیمیـــایی کەوتـــن خێـــرا نەمـــردن، هەنـــدێکیان کە گـــازی کیمیاییـــان مژیبـــوو بە چنگەمـــاش لە نـــاو شـــاردا دەگەڕان، کیمیـــایی کـــوێری کردبـــوون، کـــۆنترۆلی خۆیـــان لە دەســـتدابوو، قاقـــا پێـــدەکەنین یـــان بە هـــۆی ئەوەی دەمارەکانیـــان بـــاش کاری نەدەکرد بە سەر دەست و پێدا بەڕێگادا دەڕۆیشتن.

لە ســـاڵیادی ئەم هێرشـــە ترســـناکە بـــۆ هەڵەبـــجە داوا لە هاوکـــارانم دەکەم بیـــر لەو وانانـــــانە بکەیـــــنەوە کە هەڵەبـــجە پێمانـــــدەڵێت. ئەوە کە لە هەڵەبـــجە روویـــدا دەبـــێ وەبیرمـــان بهێنێـــتەوە کە بەداخەوە شـــتێک وەک شـــەیتان لە جیهانـــدا هەیە و ئـــێمە لە ویـــلایەتە یەکگرتوەکـــانی ئەمریکـــا نەتەنهـــا دەبـــێ ئاسایشـــی خۆمـــان بپـــارێزین بەڵکـــوو دەبـــێ پارێزگـــاری لە بـــایەخە هەرە گرنگەکانمـــان بکەیـــن هەرکاتێـــک لەگەڵ مەترســـی رووبەڕوو بـــوەوە. هەڵەبـــجە دەبـــێ ئەوەمـــان وەبیـــربێنێتەوە کە هەنـــدێ دەســـەڵاتدار لە دنیـــــادا هەن کە رەفتارەکانیـــــان لەگەڵ بنەڕەتیتـــــرین یاســـــاکانی مرۆڤـــایەتی ناتەبـــایە و تەنهـــا بیـــر لە دەســـەڵاتی خۆیـــان دەکەنەوە و

[327] پـــۆمبیئی (Pompeii) شـــاریکە لە ئیتالیـــا کە لە ٢٤ی ئـــابی ســـاڵی ٧٩ی زایینـــی واتـــا نـــزیکەی ١٩٣٣ ســـاڵ لەمەوپـــێش بـــوو بە ژێـــر ئـــاگر و خۆڵەکـــۆی گڕکـــانی "مۆنـــت ویســـیوس" و لە ئەنجامدا نزیکەی دوو هەزار کەس لە دانیشتوانەکەی کوژران. وەرگێڕ

دەیانەوێت هەموو کارێکی پێویست بۆ راگرتنی دەسەڵاتی خۆیان ئەنجام بدەن (بێ ئەوەی بۆیان گرنگ بێت کە کارەکانیان چەندە دڕندانە و سەرکوتکارانەیە).

هەڵەبجە دەبێ ئەوەمان وەبیربهێنێتەوە کە بوونی چەکی کۆمەڵکوژ لە دەستی دەوڵەتە یاخییەکان زۆر مەترسیدارە و ئێمە و هاوپەیمانەکانمان دەبێ ئامادەبین رێوشوێنی نائاسایی بەکاربێنین بۆ ئەوەی نەهێڵین مەترسیدارترین رژیمەکانی جیهان دەستیان بگات بە مەترسیدارترین چەکۆچۆڵەکانی جیهان، و لە کۆتاییدا دەبێ هەڵەبجە ئەوەمان وەبیر بێنێتەوە کە سەرەڕای هەموو ئەو هەڵە و کارە خراپانەی کە ئیدارەی بوش لە کاتی شەڕی عێراق ئەنجامیدا، سەرجەم ئەو کەسانە کە بایەخ بە مافی مرۆڤ دەدەن دەبێ زۆر مەمنوون بن کە ئێستا سەدام حوسەین و رژیمە ترسناکەکەی فڕی دراوەتە ناو زبڵدانی مێژوو. ئەگەر کەسێک گومانی لەوەدا هەیە کە جێهان بێ سەدامی لەناوچوو جێگایەکی باشتر و ئەمنترە ، ئەوەندە بەسە سەیری ئەو شتە بکات کە ٢١ ساڵ لەمەوپێش لە رۆژێک وەک ئەمڕۆ لە هەڵەبجە روویدا.

بیست ساڵ لەمەوپێش دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکانی عێراق لە لایەن یەکێ لە دڕندەترین و دیکتاتۆرترین دەسەڵاتدارانی سەدەی بیستەمەوە دەرکران و گوندەکانیان چۆڵکرا بەڵام بە خۆشییەوە مەسەلەکە لەوێدا کۆتایی پێنەهات. ئەمڕۆ لە سایەی پاراستنی ناوچە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاوە کوردەکانی عێراق ناوچەکەیان ئاوەدان کردوەتەوە و ناوچەکەیان رووی لە گەشەکردن و

بـــــوژانەوەیە. شـــــارە گەورە کوردنشـــــینەکان واتـــــا هەولێـــــر، ســـــلێمانی و دهـــــۆک ئەمنتـــــرین شـــــارەکانی عێـــــراقن و لە رووی ئـــــابووریەوە گەشـــــە دەکەن و گەلـــــی کـــــورد کە پێشـــــتر گێـــــرۆدەی دەســـــتی دیکتـــــاتۆری بـــــوو ئێســـــتا بـــــووە بە یەکـــــێ لە باشـــــترین و وەفـــــادارترین هاوپەیمانەکـــــانی ئەمریکا لە سەراسەری جیهاندا.

رێبەرانـــــی حکـــــومەتی هەرێمـــــی کوردســـــتان هێشـــــتا لەگەڵ گیروگرفـــــت رووبەڕوون و پێویســـــتە زیـــــاتر بە دوای چاکســـــازی سیاســـــی و ئـــــازادی ئابووریـــــدا بـــــڕۆن. دەبـــــێ بەرەنگـــــاری گەنـــــدەڵی ببـــــنەوە و درێـــــژە بە کـــــارکردن لەگەڵ دەوڵەتـــــی بەغـــــداد بـــــدەن کە بە شـــــێوەیەکی دیموکراتیـــــک هەڵبژێـــــردراوە بـــــۆ ئەوەی ناکۆکییەکـــــان لە ســـــەر نـــــاوچە دابڕاوەکـــــان، بەتـــــایبەت کەرکـــــووک بە شـــــێوەی ئاشـــــتیخوازانە ( نە تونـــــدوتیژانە) چارەسەر بێت و پێشموایە کە هەروا دەکەن.

لە راســـــتیدا ٢١ ســـــاڵ پـــــاش کارەســـــاتی هەڵەبـــــجە، لە ســـــەرەتای ئەم ســـــەدەیەدا کوردەکـــــانی عێـــــراق ســـــەرەنجام گەیشـــــتن بە مـــــافی خۆیـــــان و دەوری خۆیـــــان لە دروســـــتکردنی داهـــــاتووی وڵاتـــــی گەورەی عێراقـــــدا گێـــــڕا کە ئەوان بەشـــــێک لەم وڵاتەن. عێـــــراق وڵاتێکـــــی پڕکێشـــــەیە و کـــــاتە ســـــەختەکان هێشـــــتا لەپـــــێش عێراقـــــدایە. بەڵام ئەمـــــڕۆ کوردەکـــــانی عێـــــراق ئەو مافانەیـــــان هەیە کە هاووڵاتیـــــانی دیـــــکەی عێـــــراق هەیـــــانە و نوێنەرەکانیـــــان لە پارلمـــــانی بەغـــــدادا بەشـــــدارن کە بە شـــــێوەیەکی دیموکراتیک هەڵبژێردراون.

لە راســـــتیدا ئێســـــتا یەکـــــێ لە دادپەروەریـــــیە گەورەکـــــانی مێـــــژووی هاوچەرخمـــــان بەدیهـــــاتووە کە گەورە کـــــوردێکی نیشـــــتمانپەروەری عێراقـــــی

و خەباتکـــــاری رێگـــــای ئـــــازادی و دۆســـــتێکی گەورەی ویـــــلایەتە یەکگرتوەکـــانی ئەمریکـــا واتـــا جەلال تاڵەبـــانی وەک ســـەرۆک کۆمـــار هـــاتووەتە جێگـــای ســـەدام حوســـەینی دیکتـــاتۆری شەیتانســـفەت کە فەرمـــانی کۆمەڵکـــووژی دەیـــان هەزار کـــوردی دەرکـــرد. ئەمە شـــتێکە کە ٢١ ساڵ لەمەوپێش بۆ کەسوکاری قوربانیانی هەڵەبجە وێنا نەدەکرا.

ئەمـــرۆ کە قوربانیـــانی هەڵەبـــجە وەبیـــر دێنیـــنەوە ، دەبـــێ سپاســـی خـــودا بکەیـــــن بە بـــــۆنەی ئەو پێشـــــکەوتنە گەورەیەی کە لە رۆژە تاریـــــک و شـــەیتانیەکەی ٢١ ســـاڵ لەمەوپێشـــی هەڵەبـــجە تـــا ئێســـتا بەدی هـــاتوە، پێشـــــکەوتنێک کە ئەنجـــــامی بـــــوێری و  قوربانیـــــدانی کوردەکـــــان، عێراقییەکان و هەروەها ئەمریکییەکان بووە.

## لەسێدارەدانی خێرای سەدام حوسەین نادادپەروەری بوو دەرهەق قوربانیانی ئەنفال

## ئەنجوومەنی نوێنەران

## ١٦ی ئاداری ٢٠٠٩

کۆنگرێسمەن هوارد بێرمەن[328]:

خاتونی سەرۆکی ئەنجومەن، ٢١ ساڵ لەمەوپێش لە ١٦ی ئاداری ١٩٨٨ رژێمی سەدام حوسەین یەکێ لە ترسناکترین تاوانەکانی مێژووی هاوچەرخی ئەنجامدا. کەڵکوەرگرتنی هەمەلایەنەی رژێمی عێراق لە چەکی کیمیایی بۆ کاولکردنی شارۆچکەی هەڵەبجە لە کوردستانی عێراق بووە هۆی قوربانیبوونی درندانەی هەزاران ژن، پیاو و منداڵی بێ گوناح و زیاتر لە هەزاران کەسی دیکەی بۆ هەمیشە بریندار کرد.

پاش تێپەربوونی ٢٠ ساڵ بەسەر کۆمەڵکوژی هەڵەبجە، خەڵکی هەڵەبجە هێشتا گیرۆدەی ئاسەوارەکانی ئەو هێرشە درندانەیەن. نەخۆشییە درێژخایەنەکان لەوانە شێرپەنجە و نەخۆشی زگماکی، دەمار و دەماخ، لەبارچوونی منداڵ، منداڵدارنەبوون و ناتەواو بەدەنیاهاتنی منداڵ لە ناوچەی هەڵەبجە بەربڵاوە و زیانێکی قەرەبوونەکراویشی گەیاندووەتە ژینگەی ناوچەکە.

ئەم کێشە تەندرستی و ژینگەییە جددییانە بووەتە کەندوکۆسپ لە سەر رێگای گەشەکردنی هەمەلایەنەی ئەو کەسانەی کە لە هەڵەبجە و ناوچەکانی دەوروبەری دەژین. بەداخەوە هەڵەبجە تەنها شوێنێک

---

[328] Howard Berman

نەبــوو کە رژێمــی پێشــووی عێــراق بە چەکــی کیمیــایی هێرشــی کردەســەر بەڵکــوو تەنهــا یەکــێ لەو شــوێنانە بــوو کە بــووە قوربــانی شــالاوی بەرفــــراوان و بە ئەنقەســـــتی ئەنفــــال کە بە ئامــــانجی قەڵاچــــۆکردنی دانیشتوانی کوردستانی عێراق ئەنجامدرا.

شـــالاوی ئەنفــــالی ١٩٨٨ بـــووە هـــۆی کـــوژرانی ١٨٠ هەزار کەس. هێزەکـــانی عێــراق لە نیســـانی ١٩٨٧ تـــا ئـــابی ١٩٨٨ چەکـــی کیمیـــایی و بیۆلۆژیکیـــــان دژی دانیشـــــتوانی زیـــــاتر لە ٢٥٠ شـــــارۆچکە و گونــــــد بەکارهێنـــــا. توێژینەوەکـــــان نیشـــــان دەدات کە لە کـــــاتی کیمیابـــــارانەکەدا زیـــاتر لە نیـــوەی دانیشـــتوانی ئێســـتای هەڵەبـــجە کەوتـــنەبەر گـــازی کیمیایی تۆکسیک[329].

لە ٣٠ی کـــانوونی دووەمـــی ٢٠٠٦ ســـەدام حوســـەین بە تـــاوانی کوشـــتنی ١٤٨ هـــاوڵاتی عەرەبـــی شـــیعەی دۆجەیـــل کە لە باشـــووری ناوەراســـتی عێـــراق هەڵکەوتـــووە، لەســـێدارەدرا. ئەو کەیســـە پـــێش لە کەیســـی ئەنفـــال بەڕێوەچـــوو و دەرچـــوونی حـــوکمی لەســـێدارەدانی ســـەدامی لـــێکەوتەوە. لەبەر ئەوەی کە بە گـــوێرەی یاســـای عێـــراق، ســـزای لەســـێدارەدانی ســـەدام دەبوایـــا خێـــرا پـــاش دەرچـــوونی حـــوکمەکەی جێبەجـــێ بکرێـــت، تاوانەکـــانی دیـــکەی ســـەدام، لەوانە کۆمەڵکـــوژی ئەنفـــال لە دادگـــادا تـــاوتوێ نەکـــرا. لەســـێدارەدانی خێـــرای ســـەدام حوســـەین نـــادادپەروەری بـــوو دەرهەق ئەوانەی کە لە ئەنفـــال بە شـــێوەی درنـــدانە کـــوژران، برینـــدار کـــران و زەرەر و زیانیـــان لـــێکەوت و بە کـــورتی ئەم قوربانیانە لە رۆژی خۆیان لە دادگا بێبەشکران.

---


[329] toxic

ئێستا گەلێ لە کوردەکان لەوە دەترسن کە جیهان قەد لە گەورەیی کارەساتی هەڵەبجە تێنەگات کە توندترین جۆری چەکی کیمیایی دژی هاووڵاتیانی مەدەنی لە مێژووی هاوچەرخدا لەوێ بەکارهێنراوە. کەوابوو زۆر پێویستە کە شاڵاوی ئەنفال و کۆمەڵکوژی هەڵەبجە بەڵگەمەند بکرێ و یادی بکرێتەوە و لە ئاستی نێونەتەوەییدا وەک تاوانی ژینۆساید دژی گەلی کورد بە فەرمی بناسرێت.

بەڵام ئێمە دەبێ شتی زیاتریش بکەین. لەساڵیادی کارەساتی ١٩٨٨ی هەڵەبجەدا، جیهان نەتەنها دەبێ یادی ئەو کەسانە بەرز رابگرێت کە لە هەڵەبجە بوونە قوربانی بەڵکوو دەبێ یارمەتی ئەو کەسانەش بدات کە هێشتا گیرۆدەی دەستی ئاسەوارەکانی ئەو هێرشن. ئەمە رێگایەکی باشە بۆ ئەوەی جیهان شایەتی بۆ کارەساتی هەڵەبجە بدات کە یەکێ لە دزێوترین تاوانەکانە کە جیهان بینیویەتی.

# What Iraq Admitted About its Chemical Weapons Program

Allied leaders went to war believing that the chemical agents, equipment and munitions Iraq declared to United Nations weapons inspectors by no means constitute the nation's entire chemical weapons cache. The declared materials do offer a glimpse at the extent of the program, as well as where Iraq obtained the materials to produce its chemical weapons.




Source: Wisconsin Project

٨- **تراژیدیا کوردان (راپۆرتەک ژبۆ نەتەوەییێن یەکبوویی)**، ڤەرگەرا ژ ئینگلیزی بـۆ کوردیـا کورمـانجی، چاپخانـەیـا وەزارەتـا رۆشـنبیری، هـەولێر ،٢٠٠٨، وەشانخانا لیس، دیاربەکر، ٢٠١٢

٩- **بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی تورکیا** (پاول وایت)، وەرگێـران لە ئینگلیزییەوە.

١٠- **ناسیونالیزمی کورد و روانگەی رۆژئاوا**، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، دەزگـای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٢

١١- **شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنـامە نهێنییەکـانی ئەمریکـادا**، ئامـادەکردن و وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ٧٤٠ لاپەڕە، دەزگای ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٢